# قەڵا قەڵای "خان"ە عوسمانی چ حەقێکیان بەسەرەوە هەیە×؟

ئەگەر هەر پەندێ پەندێکمان باتێ

ئێمەش ئەچینە ڕیزەی وڵاتێ "پیرەمێرد 1867 - 1950"

سیروان کاروانی

چەند بە ڕابردووی شکستخواردووی بزوتنەوە کوردییەکانی یەک لە دوای یەکی کورد دەسووتێم و لە ناخمدا وەکوو شەم دەتوێمەوە, ئەوەندەش بە هەستی دڵسۆزانە و چەلەنگی و چاپۆکیی بەشداربووانی خەڵکی کورد لەو سەرهەڵدانانە بە هەستی سازگار و دلۆڤانیی خۆیانەوە, خۆشحاڵم. من لێرەدا سەرنج بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکانە ڕادەکێشم کە بە گیانێکی لەخۆبووردوویی و هەستێکی بێ سنوور خاوێنەوە و بە ئارەزووی خۆیان بوونە بە سووتەمەنیی گەرم کردنی شۆڕشی مافخوازەکانی کورد و, لە پێناوی برەویشدا خۆشەویستترین سامانی خۆیان لە ژیان کە سەری خۆیانە, بۆ سەرفرازی بەو ڕێگایە بەخشیوە.

هەرچەندە گەلی کورد نسکۆ لە دوای نسکۆی بینیوە و زۆرێک لە ترۆپکی سەرهەڵدانەکانی بە ئاسانی دەست دوژمن کەوتوونە و دوژمنانیش بە هەوەسی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ کردوون و دوایەش لە قەنارەیان داون, بەڵام تا ئێستا هیچ کام لەوانە نەبوونە بە پەندێک و ڕستەیەک دوو ڕستە لە لاپەڕەکانی پەندی پێشینان پڕ بکەنەوە, واتە لەو ڕابووردووە دووروودرێژە و کاتی مەترسی هەڵوەستەیەک بکرێ. هیچ کامێک لە بزوتنەوە کوردییەکان نەبووە, کە بە ماوەیەکی کەم پاش ئاشکرابوون و کەوتنە ناو کۆڕی خەباتەوە, جەماوەرێکی زۆری کورد لە دەوریدا کۆ نەبووبێتەوە و بە گیان و بە دڵ نەیان پاراستبێ, کەچی لە کاتی هێز و دەسەڵاتی هەرە زۆریان و گڕسەندنی ئاگری بزوتنەوەکان و لەو کاتانەشدا کە داگیرکەران بۆن کروزی جەستەی خۆیان کردووە, توانیویانە بە دەست بەسەردا گرتن و لەناوبردنی ترۆپکی سەرهەڵدانەکان, ئاگری شۆڕشەکان دابمرکێننەوە. دیارە ئەمەش چەندین هۆکاری خۆی هەیە و ئەوەشی لە هەمووان زەقترە, بڕوابوونی گەلی کورد تێکڕا بە دوژمنانی و, کۆنترۆڵ نەکردنی جڵەوی شۆڕش و بزوتنەوەکان لە لایەن ترۆپکی سەرهەڵدانەکانەوەیە.

لە سەرەتاوە, کە سەرهەڵدان و بزوتنەوە کوردییەکان وەک خونچە دەپشکوێن و وەکوو لاولاو پەل دەهاوێن, دوژمنانی کورد گرنگییەکی ئەوتۆیان پێ نادەن و خۆیانی لێ گێل دەکەن. کاتێک سەرهەڵدانەکان دەگەنە ئاستی شۆڕش کردن و ترس دەخەنە ناو دڵی نەیارانەوە, دوژمنان خۆی لێ هەڵدەکەن و لە ماوەیەکدا گەورەکڵپەی ئەو ئاگرە دادەمرکێننەوە, بەمەش زیانە گەورەکەی تەنها بۆ کۆمەڵی کوردەواریی کورد دەبێ. کورد چاوترس/چاوشکێن, بێ هیوا و بە جۆرێک لە ژیان دووردەکەوێتەوە. جێی داخە, هەر کاتێکیش داگیرکەران داوای دانووسان و گفتوگۆیان لە سەرکردەی شۆڕشە کوردەکان کردبێ, کەم و زۆر سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە. هەر هیچ نەبێ, لە ماوەی دانووساندنەکەدا, توانیویانە لە ئیرادەی پێشمەرگە و ناخی شوڕشەکان بگەن. هەر لەو ماوەیەشدا, توانیویانە وا لە پێشمەرگە و خەڵکەکەی بکەن, بە لانی کەم هەندێک لە شۆڕشکردن ساردیان بکەنەوە. هەر لە سەرهەڵدانی ئەبدولڕەحمان پاشای بابان لە ساڵی 1806 – 1808ی ز, سەرهەڵدانی ئەحمەدپاشای بابان 1812, سەرهەڵدانی کوردەکانی بایەزید و وان کە پاڵی دا بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیشەوە 1815 – 1818 و سەرهەڵدانی زازای کورد لە سیواس 1820ی ز- یەوە تا ئەم دەوروبەرە بەختی کورد هەر ڕوو لە لێژی بووە. ئەوەی کۆمەڵگاکەمان پێش ئێمە بینیویە, ئێمەش هەمان شتمان بە چاوی خۆمان بینی و کێ دەڵێ پاش ئێمەیش نایبینن.

خۆشبەختانە لە سایەی هەندێک ئاڵوگۆڕی سەرتاسەریی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ, کوردیش زیاتر خۆی گرتووە و وا بە ئاسانی سەرکوت ناکرێ. ئەمە تەنها شتێکە کە بتوانێ جێی سەرنج و خۆشحاڵیمان بێ.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجێک بدا, دەبینێ لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی ئیمپراتۆریەتی شکستخواردووی عوسمانی پەڵەیەکی ڕەشە بە هەنیی پەیرەوانی ئەو لایەنانەی بیرە ڕەگەز پەرستییەی بە خەیاڵ پڵاوییەوە تا ئێستا درێژەی پێ دەدەن.

ڕەنگبێ مێژووی کەم لە گەلانی جیهان هەبێ بە ئەندازەی مێژووی تورکان بە خوێنی نەتەوەکانی دی چنگ سوور بووبێ و هەر بەو شێوەیەش کەم گەل هەبێ بە ئەندازەی تورکان کە شانازی بە ڕابووردووی لەدەست چووی خۆیانەوە بکەن.

سەرکەوتنی تورکان و زاڵ بوونیان بەسەر هەرێمەکانی میسۆپۆتامیا و دەوروبەرەکەی, بێجگە لە بێ بەزەیی و هەستی داپڵۆسێنەرانەیان کە دەکرێ بە هێری دار, هێزی ئاگر و هێزی ئاسن ناوزەد بکرێ, بە شێوەیەکی دەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار و نابێ ئەوەش لە یاد بکرێ, کە لایەنی تریش هەن هەر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا, لەم کەش و هەوایە بێبەش نەبوونە و لە سایەی قرووبرەوە بوونی خۆیان لە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەدا سەلمندووە. هۆکاری یەکەم دوڕندەیی تورکان لە ئاست گەلانی تری ناوچەکە و هۆکاری دووهەم هاتنی ئاینی ئیسلام و قۆستنەوەی لە لایەن تورکەکانەوە بووە.

ئەوەی پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە هەیە و کێشەکە دەوروژێنێ, ئەوەیە کە تورکەکان هەمیشە لە پاڵ هێزی چەکەوە هێزی ئایینیان بەرانبەر بە بزووتنەوە کوردییەکان بەکار هێناوە و, هەر بەو شێوەیەش توانیویانە خۆیان بگەیەننە تەمەڵی دیوارە هەرە پتەوەکانی ئەو بزووتنەوانە. بۆ ئەم بۆچوونە و سەبارەت بە گەلی کورد دەکرێ نموونەی مەلای خەتێ بۆ هەڵتەکاندنی پاشایەتییەکەی "میرمحەممەدی ڕەواندوز/پاشای کۆرە" و دەیانی تری لەو شێوەیە لە باکووری کوردستان بهێنینەوە.

937 ساڵ لەمەوپێش, ئەحمەد پاشای عوسمانی بە خۆیی و لەشکرەکەیی و هێندێک کوردی خۆفرۆشەوە خۆی خزاندە وڵاتی "بتلیس"ەوە و فەرمانڕەواییەکەی "عەبدال خان"ی پایەبەرزی بتلیس-ی لەبەین برد, بەڵام هێشتا کوردەکانی ناو قەڵای "بتلیس" سەرەڕای ڕێ لێ گرتن و پچڕاندی پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی تریان و بەرەی شەڕ, دەیانگوت: "قەڵا قەڵای خان-ە عوسمانی چ حەقێکیان بەسەرەوە هەیە؟" لە دونیای ئەمڕۆشدا, پاشماوەی پاشاکانی عوسمانی بێ گوێ دانە هیچ یاسایەکی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ و سنووری دەستەڵات, دەیانەوێ بە مێشکی 1065 بیر بکەنەوە و دەمێک لایەکی قوبرس دادەبڕن و یەکلایەنە حوکومەتێک قووت دەکەنەوە و بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ بکەن و لە لایەکی تریش دەیانەوێ قەپێک لە خوارووی کوردستان بگرن و کەرکووک و مووسڵ-یان بە هێزی چەک دەوێ. ئەمڕۆش کورد دەڵێ: "کەرکووک کەرکووکی کوردستان-ە تورک چ حەقێکیان بەسەرەوەیە؟" پرسیار ئەوەیە ئایا مێژوو بەرەو پاش دەکشێتەوە وەک ئەوەی تورکەکان بیری لێ دەکەنەوە, یاخود ئەمڕۆ 937 ساڵ بەسەر ئەو جۆرە دەستەڵاتی بڕین و سووتانی مرۆڤە بەسەر چووە؟

لێرەدا, کورتەیەک لەسەر "خان" دەستەڵاتدارێتییەکەی و "بتلیس" دێنینە پێشەوە:

## "عەبدال خان"

"خان"ی پایەبەرز خاوەنی چواردە کوڕی زیرەک و وریا بووە و ناوی هێندێکیان "زیادین", "بەدرەدین", "نورودەهر", "شەرەف", "ئیسماعیل", "شەمسەدین, "شەمسەدین", "حەسەن", "حوسێن" و ئەوانی تریش.

تا ئەو کاتەش کە هێزی عوسمانی "عەبدال خان"یان بە دۆست و لایەنگری خۆیان دەزانی, لە هیچ قوژبنێکەوە پروپاگەندەی خراپیان دژ نەدەکرد و بەڵکو بە پێچەوانەوە پاشای عوسمانی هەوڵی دەدا سنووری دەسەڵاتدارییەکەی "عەبدال خان" بەرینتر بکات, چونکە بە هێزی مەچەکی خۆی دەزانی, بەڵام ئەو دەمەی بۆیان دەرکەوت کە "خان"

شتێکی تر لە مێشکیدایە و ئەویش لە لای خۆیەوە مەبەستی بەکارهێنانی عوسمانییەکانی هەبووە بۆ قازانجی خۆی و گەلەکەی و، هەر بەو شێوەیەش خۆی لە پاشایانی عوسمانی کەمتر نەنرخاندووە، ئیتر کەوتنە هێرش کۆکردنەوە و پەلاماردان بە مەبەستی لەبەین بردنی هێزەکەی خان و سەرنگون کردنی دەسەلاتدارییەکەی، بیانووشیان بۆ ئەم پەلاماردانە هەر ئەوە بوو، کە خان دژی ئایینی ئیسلام وەستاوە و موسولمان نییە و بیرۆکەی کافرێتی بەسەر مووسووڵمانانندا بڵاودەکاتەوە.

"عەبدال خان" و ئاستی ڕۆشنبیریی

لە بواری وێژە و کاری ڕۆشنبیریدا، خان پیاوێکی بیرتیژ و لێزان بووە. ئەولیا چەلەبی دەنووسێ: (لە بەرگ تێگرتنی کتێب، وێنەکێشان، خەت خۆشیدا دەستێکی باڵای هەبووە. لە شاعیریدا شیعرەکانی هاوتای شیعری (حالەتی عەزمی زادە)ن، ئەوەندە زانایە کتێبێکی عەرەبی بە دەستەوە دەگرێ و چیی تێدایە بە فارسی دەیڵێتەوە، لە تورکی و فارسیدا خاوەن بەهرەیە 1). بەو شێوەیە لە بواری هونەریشدا مەقامی باشی چریوە.

"عەبدال خان" لە ڕووی زانستەوە

لەو سەردەمەی عەبدال خان، "خان"ی بەدلیس بووە، هەژاری و زەبوونی باڵی بەسەر هەرێمەکاندا کێشاوە و جۆرەها نەخۆشیی لێ کەوتۆتەوە و خەڵک ئازاریان پێوە کێشاوە. خان کە پیاوێکی هۆشیار و بە مەزەندە و بە هزر بووە، پەی بە پەشێوی و دەردەداریی خەڵکەکەی بردووە و هەر لەم میانەشدا دەستی بۆ کار و پیشەی لە جۆری پزیشکی، بەیتاری و برینپێچی بردووە و تا ڕادەیەکی زۆر تێیدا سەرکەوتوو بووە. وەکوو دەڵێن پیر وپەککەوتەی 80 ساڵە یان تلیاک کێشی ماڵوێران هاتوونەتە لای و دەرمانیانی کردوون و خستوویانییەتییە گەرماوەوە هەتا چاکیانی کردوونەتەوە، نیوەمردووەکان زیندوو بوونەتەوە و گۆڕاون بە پیاوێکی دیکەی ڕوومەت سوور و گورجوگۆڵ. لە برینکاریدا دەستێکی باڵای هەبووە و زۆر برینی گەورە و کێم لێ هاتووی پێچاوەتەوە و ساڕێژی کردووەتەوە. هەروەها لە خان دەگێڕنەوە کە ئەوانەی سەرسمیان دەدا و یان لە بەرزایی دەکەوتنە خوارەوە و لاقیان شکاوە یاخود لەجێ چووە، هەر کە خان دەستی پێیان گەیشتووە بە حەوت ڕۆژ خستوونەتییەوە سەر پێ و جارێکی تر بە لاقەکانی خۆیان ڕۆیشتوون. جارێکیان، خان، لە پێشبڕکێیەکدا لە بەرزاییەک دەکەوێتە خوارەوە و لاقێکی دەشکێ، لەو دەمەدا خان لاقی خۆی دەرمان دەکا و دەیگرێتەوە و پاشی سێ ڕۆژ دێتەوە دیوەخان و دادەنیشێ. خەڵکەکە لە خۆشیاندا چەند هەزار قوربانی سەر دەبڕن و خێری بۆ دەکەن.

جگە لەمانە، خان بە دەستی خۆی پیاوێکی زۆر بەجەرگ و چاونەترس بووە و لە مەیدانی سوارچاکیدا وێنەی کەم بووە، هەروەها ڕاوکەر و سەگوانێکی بێ هاوتای ئەو سەردەمەش بووە و هەر لە ماڵەکەی خۆیدا چەند بوزدۆغان، چاقر، باڵەبان، زەغنووس، شەهێن، سیفێ، سونقور، تویفورەک، قرقل، قرچینا، قەرەقووش، ئاتماجە و قەرەکووک کە مەلی ڕاوین، ماڵیی کردوون. وەکوو دەگێڕنەوە لە دۆڵەکانی بتلیسدا، هەموو ساڵ جارێک ڕاوەکەو کراوە. لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا بە دەفتەر حەفتا هەزار کەو ڕاو کراوە و شێوەی ئەم ڕاوەش لەسەر فەرمانی خان بەم جۆە بووە: بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کوردەکان کێو و دۆڵەکان دەتەقێننەوە، باڵندە و گیانلەبەرەکان بەرەو لای ڕاوگەکان دنە دەدەن. لە ڕۆژی سێیەمدا خان و پیاوەکانی و خەڵکی تریش دەست بە ڕاو دەکەن و بە لانی کەمەوە چەند سەد هەزار کەو و مەل ڕاو دەکەن. لەو ڕۆژەوە هەتا سێ مانگ کەو دەفرۆشرێ و ئیتر خەڵک گۆشتی مەڕ و بەرخیان بۆ ناخورێ. خان بۆ ئەم جۆرە ڕاو و شایی و میهرەجانە وەکوو مەنوچیهر وایە و ماندووبوون نازانێ. ئەگەر باڵندە ڕاوکەرەکانی یەکیان بکەوێ یان بریندار ببن، خۆی دادەبەزێ و تیماری دەکا و دەست دەکاتەوە بە ڕاو، هی وایان تێدا دەبێ کە سەرەتیر بەر زگی دەکەوێ یان باڵی دەشکێ یان دندووکی ئازاری پێ دەگات، چۆنی پێویست بکات لەو جۆرە دەرمانی دەکات و چاک دەبێتەوە. ئەگەر

بکەون و جێگاکانیان خوێنیان تێدا بزێ, ئەوا ئەو جێگایە دوو جار بە سرکە دەشوا, وردەی قیومچێ و دەنکە کۆلەکەی سەراوی پێکەوە دەکوتێ و لەگەڵ گیای سیغیر دەیشێلێ و لەسەر ئازاردراوەکەی دادەنێ. هەر خوێنێکی پیسی تێدا بێ لە یەک شوێن خڕ دەبێتەوە, ئەو کاتە بە گوێزان کەمێکی بریندار دەکات و ئەو خوێنە پیسە دێتە دەرەوە و پاشان چاک دەبێتەوە. ئەمە یەکێکە لە ئەزموونەکانی خان لە بواری کاری چاککردنەوەو پزیشکیدا. هەر بەو شێوەیە لە دەرمان کردنی چاو و چاوئێشەشدا, خان شارەزاییی باشی هەبووە و کاری سەرکەوتووانەی بە ئەنجام گەیاندووە. لە کاری خانوو دروست کردنیشدا هەر بەو شێوەیە شارەزاییی تەواوی هەبووە و تەنانەت زۆربەی شوێنەکانی سەرا خۆی نەخشەکەی بۆ کێشاوە. دەڵێن ئەو شیرەی خان بە دەستی خۆی دروستی کردووە, قەت دەمی لە هەڵگەڕانەوە نەهاتووە.

"عەبدال خان", پشتیوانەکانی و دواییهاتنی دەستەڵاتدارێتییەکەی

"عەبدال خان", خانی پایەبەرزی "بتلیس" بووە و عەشیرەتەکەی ڕۆژەکی-یان پێ گوتوونە. "خان" خۆی پیاوێکی وریا و چاپوک بووە لە هەموو بوارەکاندا, جگە لە سەرکەوتوویی لە ڕووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی, کە تا ڕادەیەکی بەرز توانیویە بە گیانێکی خۆشەویستی و لاواندنەوە پەروەردەیان بکات, کە لە ناویاندا هەبوونە بە گیان و بە دڵ لە پێناوی خاندا بوونە و سەر وماڵیان لە ڕێی سەلامەتی خان داناوە. دەگێڕنەوە: (کاتێک خان نێوانی لەگەڵ مەلیک ئەحمەد پاشای عوسمانی تێک دەچێ. پاشای عوسمانی هێرشێکی بەربڵاو و مەزن دەکاتە سەر خان و هێزەکەیی بە مەبەستی تەفروتوناکردن. لە ئەنجامی هێرشەکەدا, پاشای عوسمانی دەستوور دەدا دەوری ئەو ناوچانە بگرن کە سەر بە خان-ن و دوابەدوای ئەوە شەڕ دەست پێ دەکات. لەبەر درێژەکێشانی شەڕەکە, خەڵکەکەی خان کە ڕێگای هاتوچۆیان لەگەڵ ناوچەکانی تردا لێ گیراوە, وردە وردە بێ ئازوقە و پۆشاک دەبن و ئەمەش دەبێتە هۆی تووڕەبوون و زیاتر گڕسەندنی خەڵکەکە بەرانبەر بە هێزەکانی عوسمانی. لەو کاتەدا, یەک لە سەرکردەی مەفرەزەکانی خان بە 20 سوارەوە بە شێوەیەکی پێشمەرگەیی و لەخۆبوردوویی بەرەو ناوجەرگەی هێزەکانی عوسمانی مل دەنێن و دەیانەوێ هەر لەوێدا مەلیک ئەحمەد پاشا بکوژن و خانی پایەدار سەربڵندتر بکەن. ئەو دەم سوارەکان دەگەنە دەوروبەری چادرەکەی مەلیک ئەحمەد پاشا و لە سەربازەکانی پرسیاری دەکەن, ئەوانیش هەست بەمە دەکەن و بە هەڵە کەسێکی تریان پێ نیشان دەدەن و لەوێدا دەبێتە شەڕێکی دەستەویەخە و کوشتارێکی زۆر دەکەن و سوارەکانی خانیش هەموو تیا دەچن). کاتێک شەڕی داسەپاوی ئەحمەد پاشا بەسەر "خان"ی پایەبەرزی بتلیس-دا, لە ئەنجامی خۆفرۆشیی هێندێک لە سەرەک هۆزە کوردەکان, بە سەرکەوتوویی کۆتایی دێ, قەڵای پتەوی بتلیس هێشتا لەژێر فەرمانڕەوایی پیاوانی "خان"دا دەمێنێتەوە و بە چەلەنگی پارێزگاریی لێ دەکەن. کە هێندێک لە سەرلێشێواوان و سەرەک هۆز و خۆفرۆشی تری کورد خۆ دەخزێننە پاڵ لەشکری دوژمنەوە, ئەحمەد پاشای عوسمانیش لەشکرێکی زۆر و پڕ چەک دەنێرێتە سەر پیاوانی ناو قەڵای بتلیس و داوای بەدەستەوەدانی قەڵایان لێ دەکەن بە مەبەستی تاڵان کردن و کێشانەوەی خواردەمەنییەکانی ناوی و دابەشکردنی بەسەر لەشکری عوسمانیدا, لەو دەمەش پیاوە ئازاکانی ناو قەڵا بەم شێوەیە وەڵامیان دەدەنەوە: "قەڵا قەڵای خان-ە عوسمانی چ حەقێکیان بەسەرەوە هەیە؟" هەڵبەتە ئەمیش هەر لەبەر خۆفرۆشان زۆری نەخایاند و قەڵا و هەموو کەرەستە و خواردەمەنی و تەواوی سامانەکانی ناوی بە پێی فرمانی پاشای عوسمانی حەڵاڵ کرا و دیلەکانیشش یەکە یەکە سەربڕران.

لە تەواوی شەڕەکەی لەشکری پاشای عوسمانی لەگەڵ "خان"ی بتلیس لە 1065دا, سەرجەم زیانەکانی سوپای خانی بتلیس 1065 کەس بووە و لەشکری عوسمانیش گوایە 900 کەسیان لێ کوژراوە.

× وتەی پیاوانی ناو قەڵای بتلیس-ە.

سەرچاوە: (1) ئەولیا چەلەبی, کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا.